# كارو پرۆژەكانی شارەوانی و پرسی هەڵبژاردن لە دیدی خەڵكەوە

گومانی تێدا نیە كە هەڵبژاردن یەكێكە لەو پایە هەرە گرنگانەی كە فەلسەفەی دیموكراسی لەسەر بنیات نراوە،ئێمەی كوردیش گەرچی زۆر لە مێژنیە لەسایەی سیستمێكی دیموكراتیدا ئەژین بەڵام نامۆنین بە دنیای هەڵبژاردن و چەند ئەزموونێكمان لەم بارەیەوە هەیە، رەنگە نەتوانین بڵێین كە ئەو ئەزموونانە بێ كەموكوری و تەواوئازادەبوون،بەڵام بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین كە هەنگاوێكی باشی لە دیموكراسی نزیكی خستینەوە.

توانی چەمك و مەعریفەی ئازادی بەهەر تاكێكمان بناسێت.

هەڵبژاردنی شارەوانیەكانیش پانتاییەكی باشی خوڵقاندكە خەڵكی ئازادنە قسەی خۆیان بكەن و ئەو كەسانە هەڵبژێرن كە پێیان وایە گوزراشت لە خواست و ئارەزووەكانیان دەكەن.لە سەروبەندی نزیكبوونەوەی كۆتایی ماوەی‌یاسایی ئەم نوێنەرە هەڵبژێردراوانە گۆڤاری رانیە پێی باش بوو ئاگادرابێت لە ئاستی رازیبوونی خەڵك و هەروەها گلەیی و پێشنیاریان لەسەر دامەزراوەی شارەوانی بۆ ئەم مەبەستەش ئەم ریپۆرتاژەمان سازكردو ئەم چەند پرسیارەمان ئاراستەی چەند هاوڵاتیەكی شاری رانیە كردو ئەوانیش زۆر ئازادنە وەڵامی خۆیان دایەوە.

**پرسیارەكان:**

پ/تا چەند هەڵبژاردنی شارەوانیەكان گوڕوتینێكی زیاتری دایە ئەم دامەزراوە گرنگەی دەوڵەت كە تەماسێكی هەمیشەیی لەگەڵ خەڵكدا هەیە لە راییكردنی كارو پرۆژەكانی ؟

پ/وادەی یاسایی ئەم هەڵبژاردنی روو لە كۆتاییە تاچەند لەگەڵ هەڵبژاردنەوەی شارەوانیدای لەم بارودۆخەی ئێستای كوردستاندا؟

پ/چ رەخنەو پێشنیارێكت هەیە بۆ كارتر كردنی ئەم دامەزراوە گرنگە ؟

**سەرەتا رووی پرسیارمان كردە كاك ( محەمەد مەلا كاكە ئەحمەد ) لە كتێبخانەی جوامێر ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:**

*دەمەوێت بە ویژدانەوە بدوێم ناتوانم بڵێم رازیم،بەڵام نائومێدیش نیم لە شێوازی راییكردنی كارەكانی شارەوانی پێموانیە كە هیچ گوڕتینێكی نەدابێتە شارەوانی، بەڵام ئەو كارانەی كە ئەنجام دراون بۆ شاری رانیە زۆر كەمن و ناتوانن



رازیم بكەن لەبەر ئەوەی پێموایە شایەنی زۆر لەوە زیاترە كە بۆی كراوە،گلەیی زۆرم لە كارەكانی شارەوانی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە كە بێ بەرنامەیی دیارە بەكارەكانیەوە سەرەرای بوونی ژمارەیەكی باش فەرمانبەرو بوونی داهاتێكی باش كەچی كارەكانی بە سستی بەرێوە دەچن.

*بەدڵنیاییەوە لەگەڵ ئەوەدام هەڵبژاردنەكانی شارەوانی لەكاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی بنەمایەكی یاسایی بەهێزی هەبێت وە جەماوەریش بەو تەعامولە دیموكراسی‌یە رابێت، بەرجێ بارووزروفی عیراق و كوردستان رێگرنەبێت، وە پێویستە پاڵێوراوان بەرنامەی كاریان لەكاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا ئاشكرا بكەن تا وەكو هاوڵاتیان دەنگ بەو كەسە بدەن كە باشترین پرۆژەو بەرنامەی بۆ خزمەتی خەڵكی شارەكەمان پێیە .

**هەروەها مامۆستا( ئازاد ئەحمەد )بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی دایەوە:**



*سەرەتا زۆر سوپاس . بە دڵنیاییەوە وەك دامەزراوەیەكی گرنگ كە تەماسێكی هەمیشەیی لەگەڵ جەماوەردا هەیە بەردەوام لە ژێر چاودێری ئەو كەسانەدایە كە بەتەنگ ئێستاو ئایندەی شارەكەیانەوەن، سەبارەت بە پرسیاری بەرێزت بە تەئكید لە دوای هەڵبژاردنی شارەوانیەكانەوە ئەم دامەزراوەیە گۆڕانی جەوهەری بەسەرداهات بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە كە چاو لە دنیایەك كەموكورتی بپۆشین كە شارەوانی یرۆدەی بووە، بۆیە پێموایە خەڵك داوای كاری خێراترو باشترو چالاكانەتر دەكات .

*رەنگە رەخنەو پێشنیارم هەبێت بەشێك لە رەخنەكانملە وەڵامی پرسیارەكەی تردا خستە روو، سەبارەت بە پێشنیاریش ئەگەرچی ئەندازیاری بواری بیناسازی و ئاوەدانكردنەوە نیم بەڵامدەتوانم بڵێم كە شارەوانی پێویستی بە كەسی(تەكنركرات)زیاترە هەروەها پێویستی بە نەخشەوپلانی گونجاو هەرە كە بە میكانیزمێكی نوێی كاركردنەوە بیانخاتە واری جێبەجێ كردنەوە، هەروەها پێویستە تەماسی زیاتر لەگەڵ خەڵكدا بگرێت و گوێ لە راو بۆچوونەكانیان بگرن چونكە مەرج نیە تەنها كەسانی خاوەن بروانامەی بەرز بیرۆكەی جوان و بە پێزیان لابێت .

**پاشان ( ئارام قادر )لە سەنتەری چالاكی گەنجانی رانیە بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:**

*بێگومان پرۆسەی هەڵبژاردن لەهەر بوارێكدا بێت، دەبێت واتایەكی ترو گڕوتینێكی‌تر ببەخشێتە ئەو شوێنە یان ئەو دامەزراوەیە ،ئەمە بۆ شارەوانی رانیەش راستە، چونكە بەر لە هەڵبژاردن پرۆژەی چاك و بەڵێنی‌چاكمان بینی لەكاتی پڕوپاگەندەدا، بەڵام بە حوكمی هەندێ مەسەلە بە گوێرەی پێویست و ویستی دانیشتوان نەبووە،لەچاو قوربانیدان و وێرانەیی و ئەو بڕە پارە زۆرەی كە بۆ شارەكە تەرخانكراوە .ئەمانەش هۆكاری خۆیان هەیە گرنگترینیان بەلای منەوە: رێژەیی بوونی شتەكان پێناسەیەكی جیای داوە بە هەڵبژاردن لێرە لەچاو وڵاتێكی پێشكەوتوو كە خاوەن تەكنەلۆژیای باش و گەلێكی هوشیارە. هەروەها بوونی هەندێ بەربەست لەبەردەم شارەوانی و تا رادەیەك كەم ئەزموونیش لە ئیدارەداندا.

*هەڵبژاردن پرۆسەیەكی دیموكراسی ئیجابیە،بەڵام ئەحكامی خۆی هەیە جیا لە ئازادی من پێموایە لەنێو خەڵكێكی هوشیارداهەڵبژاردن باشترین رێگە چارەو یەكلاكەرەوەیە بەڵام كە پێچەوانەوە بوو فەوزایە. بەڵام هەڵبژاردن بۆ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەبەر پەیدا نەبوونی گەندەڵی ئیداری لە هەموو بوارەكاندا، بە تایبەتی شارەوانی وەك دەزگایەكی خزمەتگوزاری من بە گرنگ و پێویستی ئەزانم .